# چرۆی وشە

## هایکو

پەری عەبدوڵڵا

# چرۆی وشە

## هایکو

2020

پەری عەبدوڵڵا

ناوی کتێب : چرۆی وشە
نووسەر : پەری عەبدوڵڵا
بابەت : هایکو
ساڵی چاپ : 2020 ز
ژمارەی لاپەڕە : 73 لاپەڕە
تیراژ : 500 دانە
دیزاینی بەرگ و ناوەوە : کۆسرەت بورهان
نۆبەتی چاپ : چاپی یەکەم

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان
ژمارەی سپاردنی (   ) ی ساڵی 2020ی پێدراوە

## پێشەکیی

چرۆی وشە، ناونیشانی ئەو کۆمەڵەیە، کە دەقە هایکوەکانی مامۆستا پەری عەبدوڵڵای لەخۆگرتووە، کەشکۆڵێکە تا بیپشکنی شتی تازە و نەبینراوت چنگ دەکەوێ، هایکوی فرەبابەت و فرەوێنە، ئەزموونی ژنێک، کە لەناو ئەدەب و شیعر و گەورەبووە، لە نێوان دوو خێزانی ئەدەبدۆست و رۆشنبیردا چرۆی کردووە.

من شاهیدی لەدایکبوونی یەک بە یەکی ئەم دەقانەم، بە بەرچاوی خۆمەوە لەدایک بوون، لە پەیجی یانەی هایکوی کوردی دانە بە دانە بڵاودەکرانەوە، ئەو دەستە ژنەی هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ ئێمەدا دەستیاندایە نووسینی هایکو، بە لێهاتووی و نەفەسدرێژیی؛لە گۆڕەپانەکەدا خۆیان سەپاند، راستە ئێمە دەستمان گرتوون، بەڵام ئەوە ئەوانن تاوەکو ئێستا لە داهێنان و ئەفراندنی جوانیی نەکەوتوون، بەهای هونەریی هایکوەکانی مامۆستا پەری زیاتر لە کاتی تێڕامان و شیکارکردندا دەرئەکەوێ، سینۆگرافیاو دیمەنەکان بە رواڵەت سادە و دیارن، لە هەمان کاتیشدا قووڵ و پڕ ئیستاتیکان، لە باگراوندی مەعریفی خودی نووسەرەوە سەرچاوە دەگرێ، لێرەدا بابەتی سروشت و هەستەکانی مرۆڤ و ژینگە و یادەوەریی و رووداوە دیارەکان بوونیان هەیە، وشەی کەم و واتا و دەلالەتی زۆر دەبینرێ، زمانی چڕ و وێنەی جیاواز کەرەستەی سەرەکی دەقەکانن.

ملکۆ ئەحمەد
2020

# قژی زێڕین
# کۆڵوانەی باخ
# خۆر

کشانی ئەستێرە،
هەوڵم دا نەمگێڕایەوە
روحی دایکم

**بە کلێتەی بەفر و چۆغەی گیا؛**
**لەگەڵ بەهار لە ژووانە ـ**
**چیـــــــــا!**

# قژی زێڕینی،
# پەخشانی سەر رووومەتی خاک ئەکا
# خۆرەتاو!

بوکێکی دڵناسک،
زوو زوو فرمێسک دەبارێنێ-
بەهار!

خۆڵبارینە،
هە واڵی ئازیزان دێنێ-
عەرعەر!

بۆ ماچی لێوی خونچە،
لە کەشکەڵانەوە خۆهەڵدەدێرن-
دڵۆپە باران!

لە کونجێکی ماڵەکۆنەکەماندا؛
بە مەلوولی دانیشتووە ـ
مناڵییم!

# بێڕەحمانە
# پیت بەپیتی ناوەکەم دەسڕێتەوە
# شەپۆلە بزێوەکە

سەبەتەیەک نوقڵی یادەوەری،
بەسەر ساڵەکانی تەمەن دابەشدەکەم؛
رۆژی جەژن!

سێگۆشەی بەرمۆدا-
ڕازو نهێنی ون دەکا
دڵ!

سیمفۆنیای با،
سەمای گەڵای وەریو،
تابلۆی پاییز!

لەنێوان دوو نەبووندا،
شانۆگەریی ژیان نمایش دەکا-
مرۆڤ!

ئێوارەیەکی پاییز-
قژی زەردی بەخشی بە گەڵا
زەردەپەڕ!

**بەتینتر لە لێزمەی باران**
**دەبارێت بەسەر روح**
**سۆزی دایک!**

دوو هاوڕێی گیانی بەگیانیین،
بەیەکەوە گەڵا و تەمەن ئەوەرێنین ؛
من و پاییز!

وەرزی خەزانە،

باخی ژینم چرۆ دەکا-

لەدایکبوونت!

بۆ مەرگی پاییز ،
بە کوڵ دە گری-
زستان.

بە گوێچکەما دەچرپێنێ،
بەهارێکی تر بەڕێوەیە-
دڵۆپە باران!

به تارای سپییەوە،
دەست لە ملی شاخ دەکا-
بەفر!

بەدەستی لەرزۆک،
ملوانکە ئەهۆنێتەوە بۆ گەردنی خاک
تەرزە!

بەخشندەیە
جل بە بەژنی درەخت دەبڕێ
زستان!

لەگەڵ ماچی هەر دڵۆپێک،
پێکەنین تریفە ئەدا-
گۆمی مەنگ!

فرمێسکی هەور،
بەسەر قژی درەختەوە-
دڵۆپی باران.

**بە دڵ نا**

**لە تاڵەکانی قژم سەری هەڵدا**

**پیریی!**

کز دەڕوانێ
نەوەک کراسی بەفر بدڕێ
خۆری زستان!

با پێت نەڵێن تیرۆریست,
دە ست لە کوشتنی گەڵا هەڵگرە ـ
بە پاییزم ووت!

-----------------------------------------------------------------------

کلیلی ژین دە دزێ
هەرساڵە دەرگایەک دادەخا
تەمەن!

هەڵاوەی ئازاری روح
لە چاو چڕدەبیتەوە
رۆندک!

بۆنی نەمریی
بە باڵای نەورۆزدا دەکا
نێرگز!

# ماچی لێو
# پیرۆزبایی بەهار
# هەنگ و گوڵ!

بێزارم لە گریانی زستان،
زەردەخەنەیەکم پێ ببەخشە ــ
بە بەهارم وت!

**هەموو بەیانییەک**
**گوارەیە بە گوێی گەڵاوە**
**ئاونگ!**

تەونکارێکی دێرین
هەرساڵە و فەرشێک دەچنێ
بەهار!

----

# لەژێر تارای سپی،
# فرمێسک ئەبارێنێ ــ
# گوڵە هەرزەکارەکە

پرچی شەبەنگە،
هەناسەی پڕ لە شنە،
بەهاری تەمەن!

گەردانەی ئاڵتون،
بە گەردنی بوکی بەهار-
نێرگز!

جلی تازە دەپۆشی،
هەور پەنای لێ دەکا-
نەزەر حەرامە خۆر!

# لە خۆشی دیداری بەهار ئەمدا لە پرمەی گریان کانی!

ئاوێنەی کانی لێڵە
ناتوانێ قژ شانەکا،
لە هەور زویرە مانگ

لەباوەشی شاخ دەکەوێ
پڕ بەگەروو هاوار دەکا
تاڤگە!

-----

بۆچی دەگری؟
هەر دڵۆپێکت بەر لێوی
خونچیەک دەکەوێ،
بە هەورم وت !

نزا دەکا،

کۆرپەکانی لەباوەش بگرێتەوە ــ

درەختە ڕووتەکە !

ئاسمان و دەریا
بە یەکسانی دابەشیانکرد
رەنگی چاوەکانت

ویڵ و سورگەردان
کونجێک بکە بە ماڵ
بە ڕەشەبام وت

بە دوایا وێڵ
لە ئاسمان دۆزیمەوە
بسکە سپییەکەی دایکم!

لێم دوورمەبە
ڕازی دڵم بەکێ بڵێم
بە سێبەرەکەمم وت!

**لە حەسرەتی دابڕان،**
**چارشێوی ڕەش دەپۆشێ -**
**ئاسمان !**

لەگەڵ ئاسۆ
هەموو ئێوارەیەک لە ژوانە
خۆر

# هەرزەکارێک
# لەگەڵ کانی لە ژوانە ـ
# مانگ!

# ساڵانە
# پێکێک ژەهری تاڵم پێ ئەنۆشێ
# تەمەن!

# بۆ جەژن
# ئەبرۆی ئەکا بە کەوان
# مانگ!

**بە عیشوە خۆ ئەنوێنێ**
**بێئاگا لە پیربوون**
**خونچە!**

# چەشنی لاولاو
# بەباڵای تەمەن هەڵدەزنێ
# یادگاری

بە تیغی ڕووناکی
چارشێوی شەو دەدڕێنێ
کازیوە!

# بەرلە فەنابوون
# تۆماری یادگاریی
# ماچی نەمریی

# شەختەبەندی دڵ دەتوێنێتەوە
# خۆر نا
# نیگاکانت

# پەیژەی خەیاڵ
# نۆتەی نەمرن
# پیتەکانی ناوت

کانییەکی ڕوون
تێنویەتییم دەشکێنێ
سەرابی خەیاڵ

# سەمفۆنیای با
# سەمای گەڵای وەریو
# تابلۆی پاییز!

----------------------------------------------------------------

## دەریای بیرەوەری
## قولابی خەیاڵ
## سەبەتەیەک تۆ!

بەرلە ئاوابوون،
ئەستێرە دەكا بە چاودێرـ
خۆر!

# گۆمێکی مەنگ
# بەردی خەیاڵ ئەیشڵەقێنێ
# بیرەوەریی

دەیان تابلۆ،
لە کانی بیرەوەریی هەڵدەهێنجم ــ
قوڵبوونەوەی خەیاڵ !

-----------------------------------------------------------------

**بە لقێکەوە میوەی گەییو،**
**بە ئەوی ترەوە کاڵ ـ**
**درەختی ژیان!**

---

لەگەڵ ماچی هەر دڵۆپێک
پێکەنین تریفە ئەدا
گۆمی مەنگ!

جامی تاسەی بینین
ئەکەم بە بینی خەیاڵ
تارمایی دایکم!

چاو دادەخەم
نەکا لەتروکانێک
بکەویتە خوار!

چپەی دەنگت
ترپەیەکی زیاد
دڵم بەرگە ناگرێ

بەندەری دڵ
لەنگەر دەگرێ
کەشتی چاوەڕوانیی!

ئێوارەیەکی پاییز
قژی زەردی بەخشی بە گەڵا
زەردەپەڕ !

لە بڵاوکراوەکانی یانەی هایکوی کوردی